Kurdistan Regional Government-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Kurdistan Board for Medical Specialties
Directorate of Registration

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

Setting Clinical and Professional Excellence

No:
Date: / / 2021

ژمارە: ١٠٨٧
ڕێکەوت: ١٢ / ٨ / ٢٠٢١ زاینی
/ / کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکییەکان
دەرکــــــردە

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / توێژینەوەو پلان دانان
وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

بـــ / وەرگرتنی دۆکیومێنتی ئارەزوومەندان بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنەکەمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە ئەنجومەنەکەمان دەست دەکات بە وەرگرتنی دۆکیومێنتی ئەو بەڕێزانەی کە ئارەزووی خوێندنیان هەیە لە ئەنجومەنەکەمان، دەتوانن بەڵگەو دۆکیومێنتە داواکراوەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بکەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٥ تاکو ٢٠٢١/٩/١٦

لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ/ وێنەیەک لە مەرج و بەڵگەنامە داواکراوەکان (٤) لاپەرە

پ. د. ئاریانا خالص جواد
سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان
بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر .......... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.......لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمار.
- دەرکردە.

www.kbms.org
ناونیشان: هەرێمی کوردستان _ هەولێر/ فلکەی زراعە

| ژ | مەرجە گشتیەکان |
|---|---|
| ١ | نووسراوی لارینەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار |
| ٢ | بەڵگەنامەی (پوختەی ڕاژە) لەگەڵ نووسراوی لارینەبوون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی. |
| ٣ | بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ گشت پێشکەشکارانی خوێندنی پسپۆری و پسپۆریەکانی ورد بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:<br>Pearson Academic PTE: 58<br>TOEFL PBT: 541<br>TOEFL IBT: 72<br>IELTS: 6<br>سەبارەت بە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەبێت لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر,دهۆک, سلێمانی) کرابێت یاخود لە و وڵاتانەی کە زمانی دایکیان ئینگلیزیە وەکوو بەریتانیا و ئەمەریکا, ئوسترالیا و نیوزلەندە و کەنەدا.<br>تێبینی/ دوا مۆڵەت بۆ ڕادەست کردنی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی پێش تاقیکردنەوەی کرداری (پراکتیکی) کۆتاییە. |
| ٤ | بەڵگەنامەی پشکنینی پزیشکی کە پێشکەشکار هیچ نەخۆشیەکی گواستراوە (الامراض الانتقالیة) و هیچ بەربەستێکی تەندروستی نیە لە بەردەم بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن و ڕاهێنان. |
| ٥ | تەمەنی پێشکەشکار بۆ خوێندنی ئاسایی نابێت لە (50) ساڵ زیاتر بێت بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە سیستەمی پاراللیل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات. |
| ٦ | پێشکەشکار دەبێت خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت بە پێچەوانەوە دەتوانێت بە شێوەی پاراللیل پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات. |

| | مەرجە تایبەتەکان |
|---|---|
| ١ | مەرجی تەواو کردنی دوو ساڵ لە خولی تیشک (دورة الاشعة) یاخود دوو ساڵ نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم) لە پسپۆریەتی تیشک و سۆنار (Radiology) |
| ٢ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆریەتی (Clinical Hematology) بە دوو شێوە دەبێت:<br>أ- ئەگەر هاتوو پێشکەشکار بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد (بۆردی هەناو)ـی هەبێت ئەوە ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت.<br>ب- ئەگەر هاتوو پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بوو دەبێت ساڵێک وەکوو پزیشکی نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە یەکەک لەم بەشانەی خوارەوە: (هەناو، نەخۆشیەکانی خوێن، نەخۆشیەکانی گرێ (الاورام) هەروەها مەرجی پلەبەندی نایانگرێتەوە و ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ساڵ دەبێت.<br>ت- هەڵگری بڕوانامەی بۆردی (Hematopathology) خوێندنیان بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ دەبێت. |
| ٣ | مەرجەکانی خوێندن و ڕاهێنان بۆ پسپۆریەکانی: Respiratory Medicine, Cardiovascular Medicine, Nephrology, GIT, Digestive surgery Rheumatology، بە دوو شێوە دەبێت<br>أ- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆرد بوو ئەوە ماوەی خوێندن و ڕاهێنانی (٣) سێ ساڵ دەبێت.<br>ب- ئەگەر پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٥) پێنج ساڵ دەبێت، هەروەها ساڵێک وەکوو نیشتەجێی دێرین خزمەتی هەبێت لە بەشی هەناوی گشتی یاخود ئەو بەشەی کە پێشکەشی دەکات. |
| ٤ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆریەتی Endocrinology:<br>أ- تەنها هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد دەتانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن. |

| | |
|---|---|
| | ب- ماوەی خوێندن و ڕاهێنان (٣) سێ ساڵ دەبێت. |
| ٥ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Digestive surgery:<br>• پێشکەشکار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بڕوانامەی بۆردی هەبێت لە بەشی نەشتەرگەری گشتی |
| ٦ | ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە پێویستیان بە پلەبەندی نیە وەکوو مەرج:<br>Anesthesia, Psychiatry, Intensive Care Medicine |
| ٧ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Clinical Pharmacy:<br>أ- دەبێت (١) یەک ساڵ وەکوو دەرمانسازی نیشتەجێی خولاو خزمەتی فعلی هەبێت.<br>ب- دەبێت (١) یەک ساڵ وەکوو دەرمانسازی پلەبەند خزمەتی هەبێت. |
| ٨ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Rhinology-endoscopic skull base surgery:<br>پێشکەشکار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بۆرد بێت لە بەشی (ENT) و ماوەی خوێندن (٣) سێ ساڵ دەبێت. |
| ٩ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Intensive care medicine:<br>هەمان مەرجە گشتیەکان پەیرەو دەکرێت لەم پسپۆڕیەتیە و پێویستی بە ماوەی پلەبەندی نیە.<br>• بۆ Track II هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەن لەم بەشانەی خوارەوە دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەو بەشە:<br>General Surgery, Cardiothoracic Surgery, Neurology, Anesthesia, Internal Medicine, Pediatrics, Emergency Medicine, Cardiology, Respiratory Medicine, Nephrology |
| ١٠ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Pediatric Surgery :<br>مەرجە پێشکەشکار یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت لە بەشی Paediatric Surgery یاخود لە بەشی نەشتەرگەری گشتی. |
| ١١ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Special Care Dentistry :<br>پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە. |
| ١٢ | مەرجی خوێندن و ڕاهێنان بۆ پسپۆڕیەتیەکانی Health Administration, Infectious Disease Control<br>أ- پێشکەشکار پێویستی بە ماوەی پلەبەندی هەیە وەکوو مەرج.<br>ب- دەرچووانی بەشەکانی پزیشکی گشتی و دەرمانسازی و ددان دەتوانن پێشکەشی ئەم دوو بەشەی سەرەوە بکەن.<br>ت- خوێندن و ڕاهێنان لە پسپۆڕیەتی Dental Public Health تەنها دەرچووانی پزیشکی ددان دەتوانن پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکەن لەم بەشە وە مەرجە پێشکەشکار سالێک خزمەتی هەبێت وەکو پلەبەند. |
| ١٣ | بۆ ئەو بەشانەی خوارەوە پێویستی بە خزمەتی نیشتەجێی دێرین ناکات وەکو مەرج:<br>Family Medicine, Community Medicine, Health Administration, Special Care Dentistry, Dental Public Health, Orthodontics, Maxillofacial & Oral Medicine, Infectious Disease Control, Clinical Pharmacy, Anaesthesia, Emergency Medicine, Intensive Care Medicine, Psychiatry |
| ١٤ | مەرجی دوو ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:<br>Dermatology , Plastic Surgery<br>تێبینی/ هەردوو پسپۆڕی پێست و نەشتەرگەری جوانکاری دەکرێت دوای تەواو کردنی یەک ساڵ خزمەتی نیشتەجێی دێرین پێشکەشی خوێندن و ڕاهێنان بکات بە مەرجێک بەڵێننامەی کارکردن بدات کە وەک میلاک بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە دەرەوەی شار خزمەت بکات وە ببێتە میلاکی ئەو شوێنە. |
| ١٥ | ئەو بەشانەی کە پێویستە پێشکەشکار خزمەتی نیشتەجێی دێرینی هەبێت وەکو مەرج بۆ ماوەی سالێک بۆ ئەوەی پێشکەشی خوێندن ڕاهێنان بکات لەم بەشانەی خوارەوە<br>Internal Medicine, Pediatrics, Neurology, Medical Oncology, Clinical Hematology, General Surgery, Gynecology & Obstetrics, Neurosurgery, Orthopaedic, ENT, Urology, Cardiothoracic & Vascular Surgery, Ophthalmology, Paediatric Surgery, Maxillofacial & Oral Surgery, Radiation Oncology, Lab. Hematology, Histopathology, |

| | |
|---|---|
| ٠ | Chemical Pathology, Clinical Microbiology, |
| ١٦ | تێبینی/ هەڵگری بڕوانامەکانی MRCP, MRCS, FRCP, FRCS به هاوتای بۆرد هەژمار ناکرێت. |

| | بەڵگەنامە داواکراوەکان |
|---|---|
| ١ | نووسراوی لارینەبوون لە شوێنی کارکردنی ئێستای پێشکەشکار لەسەر ئاستی وەزارەت<br>تێبینی/ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی لەسەر ئاستی زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکان دەبێت. |
| ٢ | دوایین پوختەی ڕاژەی پێشکەشکار |
| ٣ | کۆپی ڕەسەنی بڕوانامەی کۆلێژی پزیشکی بە زمانی ئینگلیزی بە نمرەوە |
| ٤ | وێنەیەک لە بڕوانامەی هەلواسراو بۆ هەڵگرانی بروانامەی بۆرد |
| ٥ | وێنەیەک لە بڕوانامەی هەڵواسراو بۆ هەڵگرانی بروانامەی ماستەر و دبلۆم |
| ٦ | وێنەیەک لە ڕەگەزنامەی عێراقی یاخود کارتی نیشتمانی عێراقی |
| ٧ | نووسراوی پشکنینی پزیشکی |
| ٨ | پسولەی ژمێریاری بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە خوێندن و ڕاهێنان |

| Medical Specialties Council | Surgical Specialties Council | Council | Specialties |
|---|---|---|---|
| Internal Medicine | General Surgery | Dental Specialties Council | Oral & Maxillofacial Surgery |
| Pediatrics | Gynecology & Obstetrics | | Oral & Maxillofacial Medicine |
| Family Medicine | Neurosurgery | | Orthodontics |
| Psychiatry | Orthopedic | | Special Care Dentistry |
| Gastroenterology | ENT | Radiology Specialties Council | Radiology |
| Emergency Medicine | | | |
| Neurology | Urology | | Radiation Oncology |
| Medical Oncology | Cardiothoracic and Vascular Surgery | Pathology Specialties Council | Lab. Hematology |
| Clinical Hematology | | | Histopathology |
| Dermatology | Anesthesia | | Chemical Pathology |
| Nephrology | Plastic Surgery | | Clinical Microbiology |
| Rheumatology | Digestive Surgery | Public Health Specialties Council | Community Medicine |
| Pulmonary Medicine | Ophthalmology | | Health Administration |
| Cardiology | Rhinology-Endoscopic Skull Base Surgery | | Infectious Disease Control |
| Endocrinology & Diabetes | Pediatric Surgery | | Dental Public Health |
| Clinical Pharmacy | | | |
| Intensive Care Medicine | | | |
| Pediatric Cardiology | | | |

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بە ژمارە مۆبایلی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بکەن (07502213363) لە کاتژمێر ٩:٠٠ بۆ ١٢:٠٠ بەردەست دەبێت.